

# گەلێک لە ئەرکەکان بەم شاشەیە ڕاپەڕێنە

شاشەی ئامێرەکان ئەگەرچی ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن لە هەر ئامێرێکدا، بەڵام بەشێکی جیاکراوە نین لە خودی ئامێرەکە، بۆ نموونە، لاپتۆپ شاشەکەی بە جیا نییە، یان تەبلێت تەنیا شاشەیە و بەس.

لەم چەند ساڵەی دواییدا شاشەی بەجیاش بەرهەم هاتووە کە بەکارهێنەر دەتوانێ ئامێرەکانی خۆی وەك دیسکتۆپ یا لاپتۆپ یان مۆبایلی پێوە ببەستێتەوە. شاشەی ZenScreen MB16ACV یەکێکە لەم جۆرە شاشانە. ئەم شاشەیە لەلایەن کۆمپانیای ئاسۆسەوە بەرهەم هاتووە. قەوارەکەی ١٥،٦ ئینجە. وەك شاشەی دووەم بۆ ئەو ئامێرانەی ئاماژەمان پێدان بەکاردێت. خاڵێکی گرنگ لە شاشەکەدا ئەوەیە کە ئەنتی باکتریایە بەهۆی ئەو یۆنە چالاکانەی لە شاشەکەدا بەکارهاتوون گشت ئەو باکتریانە لەناو دەبات کە بە ئامێرەکەوە دەنووسێن.

کێشی شاشەکە ٨٤٠ گرامە. بارستاییەکەی تەنیا دە ملمە. دەکرێت شاشەکە بەشێوەی ستوونی یان ئاسۆیی دابنێی. پەنێڵی شاشەکە لە جۆری IPS یە و فول ئیچ دییە.

# پاوەربانکێکی پتەو و دژە ئاو

پاوەربانك، بۆتە ئامرازێکی گرنگی لاوەکی مۆبایل و زۆر ئامێری تر کە پێویستیان بەوەیە باترییەکەیان بارگاوی بکرێتەوە. گەرچی مۆبایلە هۆشمەندەکان تارادەیەك مکوم و پتەو و دژە بەرکەوتن و دژە ئاون، بەڵام پاوەربانکەکان بەم جۆرە نین.. پاوەربانکی جۆری Nitecore NPB4 IP68 نەبێ کە لەوانی دیکە جیایە. پاوەربانکی ناوبراو ئەگەر لەبەرزایی دوو مەتر بەربێتەوە یا نیو کاتژمێر لە ژێرئاودا بێ کێشەی بۆ نایەتە پێش.

پاوەربانکەکە شوێنی دوو USB-A و یەك پۆرتی USB-Cی هەیە، لانیکەم ٣ ئامێر پێکەوە شەحن دەکاتەوە. شەحنکردنەکەی لە جۆری QC3.0یە. توانای شەحنکردنەوەی ١٢ جار ئایفۆنی دوازدەی هەیە.









# کەیسێکی پێنج گۆشەیی و سەرنجڕاکێش

کەیس Caseی کۆمپیوتەر واتە پەیکەرەی کۆمپیوتەر و چوارچێوە و ماڵی پارچەکانی کۆمپیوتەر، ئەو پارچەیە کە هەموو پارچەکانی کۆمپیوتەر پێکەوە دەبەستێتەوە..

لەم دواییەدا کۆمپانیای G.SKILLی تایوانی کەیسێکی پێنج لایی بەناوی Z5i بەرهەمهێناوە. کەیسەکە دیزاینێکی زۆر ناوازەی هەیە و هەربۆیەتا ئێستا دوو خەڵاتی گەورەی دیزاینی پێدراوە.

ئەم کەیسە تایبەتە بە سیستەمەکانی جۆری SFF. هەموو چوارچێوەکە لە شووشەی سکۆریتی٤ ملمی دروستکراوە. کەیسەکە بۆ مەزەلبۆردەکانی Mini-ITX بەرهەمهاتووە. کەیسەکە پێنج گۆشەییە و دوو بەشە، بەشێکیان پاوەر و مەزەلبۆردی لەسەرە و لەلای راست کارتی گرافیکی لەسەرە.

## ئۆتۆمبیلێک بە تیشکی خۆر کار دەکات

کۆمپانیای Aptera پاش یازدە ساڵ وازهێنان لە بەرهەمهێنانی ئۆتۆمبیلی تیشکی خۆر جارێکی دیکە هەوڵەکانی دەست پێکردۆتەوە و ئۆتۆمبیلی جۆری Sol بەرهەم هێناوە. ئۆتۆمبیلەکە بە تیشکی خۆر کاردەکات و بەجارێك شەحنکردنەوە دەتواندرێ هەتا ١٦٠٠ کیلۆمەتر بڕوات. توانا و کارایی ئۆتۆمبیلەکەش چەندین جار تاقیکراوەتەوە.

یەکەم بەرهەمی Aptera ئۆتۆمبیلێك بوو بەناوی e2 کە لە ساڵی دوو هەزار بەرهەمیهێنا، بەڵام نەیتوانی بیخاتە بازاڕەوە. ساڵی ٢٠١١ جارێکی دیکە دەستی بەبەرهەمهێنانی ئۆتۆمبیلی هەتاوی کردەوە بەڵام دیسان دەستی هەڵگرت و وا بۆجارێکی دیکەش بە ئەزموونێکی دیکەوە دەستی پێکردۆتەوە.

ئۆتۆمبیلەکە سێ تایەی هەیە بەهۆی دیزاینە سەرنج راکێشەکەی وەك کەشتییەکی ئاسمانی دەبیندرێ. تەنیا جێگای دوو کەس دەبێتەوە لەگەڵ بارگە و بنەی گەشتکردن. لەنێو ئۆتۆمبیلەکەدا شاشەیەکی دیجیتالی هەیە کە زۆربەی ئەرکەکان ئەنجام دەدا. بان (سەقف)ی ئۆتۆمبیلەکە چەند پەنێڵێکی خۆری لەسەرە، کە لەو رۆژانەی تاو و ساوە باترییەکان شەحن دەکەنەوە.





# کیبۆردی زیرەکی سامسۆنگ بۆ گشت ئامێرەکان


تەختەی دوگمەکان واتە کیبۆرد، لە کۆمپیوتەردا گرنگترین ئامرازە. هەرچەندە لە مۆبایلدا ئەو گرنگییەی نییە، بەڵام ئەوانەی کە دەبێ لەسەر مۆبایل وەڵامی پەیامەکان بدەنەوە پێویستیان بە کیبۆردە.

کیبۆردی جۆری 500 Trioی سامسۆنگ لەریزی ئەو کیبۆردە زیرەکانە دێت کە لەگەڵ گشت ئەو ئامێرانەی پێویستیان بە کیبۆردە دەگونجێت.

کیبۆردەکە وایەرلەیسە و لەرێگای وای-فای یا بلوتوسەوە لەگەڵ ئامێرەکان پەیوەند دەدرێ. قەوارەی بچووکی هەیە و بە ئاسانی هەڵدەگیرێت، بۆیە بەو کیبۆردانە دەگوترێت کیبۆردی گەشتکردن.

لە یەك کاتدا بە سێ ئامێر پەیوەند دەدرێت. دەکرێت پرۆگرامی بۆ دابندرێ و بتوانی بە داگرتنی دوگمەیەك پرۆگرامی مەبەست بکەیەوە، یان کرداری مەبەست ئەنجام بدەی.

دەکرێ، بە مۆبایل و کۆمپیوتەر و تەلەڤزیۆنە سمارتەکان پەیوەند بدرێ. کیبۆردەکە دوو رەنگی سپی و رەشی هەیە.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەرێز دەپرسێت راستە پرۆگرام و ئاپەکانی مۆبایل سیخوڕی دەکەن و وێنە و پاسۆردەکان دەدزن؟**

خوێنەری بەرێز گوتنی راستییەکی تاڵ رەنگە ناخۆش بێ، هەربۆیە لە وەڵامدا دەڵێن بەڵێ. رۆژانە هەر ئەپلکەیشنێك کە تۆ چاوت پێکەوت و سەرنجی راکێشای یەکسەر دایدەبەزێینە سەر مۆبایلەکەت بەبێ ئەوەی ئاکامی ئەو دابەزاندنە چییە؟ زۆر ئەپلکەیشن و پرۆگرام مەبەستی سەرەکیان دزە کردنە ناو مۆبایلەکەتە و بەڵام هیچ رێگایەکیان نییە بۆ دزە کردن، هەرکە تۆ داتبەزاند داوای ئەوە دەکات، ئیزن دەدەی سەر لە وێنەکانت بدەم، ئیزن دەدەن چاو بە هەژمارەکانت و ژمارەی مۆبایلی هاوڕێیانت دابەخشێنم، زۆر ئیزنی دیکەش کە خۆت پێی نازانی. هیچ رێگا چارەیەکیش نییە بۆ ئەوەی خۆت لەوانەی دزە دەکەنە ناو مۆبایلەکەت رزگار بکەی.. هەربۆیە ئەوانەی ئەرکی ئەمنییەت و پاراستنیان لەسەرشانە، زۆرتر لەو مۆبایلانە سوود وەردەگرن کە سادەن و هێڵی ئینتەرنێتیان لەسەر نییە.



# لە داهاتوودا مرۆڤەکان بەتەنیا دەفڕن

# پڕۆگرامێک بۆ ڕێکخستنی کتێبخانەی دیجیتالی


لە داهاتوویەکی نزیکدا گۆڕانکارییەکی زۆر لە شێوازی خوێندنەوەدا ڕوو دەدات و هەر لە ئێستاوەش ئەو قۆناغە دەستی پێکردووە، ئێستاش کتێب خوێندنەوە لەسەر بووک ریدەر و کیندڵ و تەبلێت و مۆبایل و کۆمپیوتەر دەستی پێکردووە. کتێبە دەنگییەکان جێگەی کتێبە نووسراوەکان دەگرنەوە و ڕەنگە کتێبی کاغەز هەر نەمێنێ.



گەلێك پرۆگرام هەن بۆ ڕێکخستنی کتێبە دیجیتالییەکان. یەکێك لەو پرۆگرامانە پرۆگرامی calibre 5.22.1 Windowsە. بە دابەزاندنی ئەو پرۆگرامە لەسەر کۆمپیوتەرەکەت خوێندنەوە و ڕێکخستنی کتێبە دیجیتالییەکان زۆر باشتر دەبێ. چونکە گەلێك تایبەتمەندی تێدایە کە وا دەکات بە ئاسانی دەستت بە کتێبەکان ڕابگات، هەروەها شێوازی خوێندنەوەت دیاری بکەی. پرۆگرامەکە کتێبە ئەلکترۆنییەکانت لە داتابەیسی خۆیدا تۆمار دەکا و باشترین باکگراوەند بۆ خوێندنەوەی کتێبەکان دادەنێ. جگە لەوەش دەتوانێت فۆرماتی کتێبە ئەلکترۆنییەکان بگۆڕی.

گەر سەیری فیلمە زانستی خەیاڵییەکان بکەی، لە زۆریان دا دەبیندرێ مرۆڤ دەفرێت. ئامێرێکی بچووك توانای ئەوەی هەیە مرۆڤێکی گەورە هەڵبگرێت و وەك باڵندە بەرەو بەرزایی بیفڕێنێت. لەم ماوەیەدا ئەم خەیاڵە زانستیە وەڕاست گەڕاوە و کۆمپانیایەکی ئوسترالی ئامێرێکی فڕینی بەناوی (CppterPack) بەرهەم هێناوە. ئەم ئامێرە فڕۆکە کە بەم دواییە فیلمێکی ڤیدیۆیی لێ بڵاوکراوەتەوە لەو فیلمەدا دەبیندرێ کە کەسێك ئامێرەکەی لەخۆی بەستووە و وەك فیلمە خەیاڵی زانستییەکان بەرەو ئاسمان دەفڕێت.

ئامێرەکە وەك کۆڵەپشتییەکە و لە دوو قوڵی لێخوڕەکەی دوو پەروانە هەیە. ڕێك وەك کوادکۆپتەرەکان. سەبارەت بەو ئامێرە کە هێشتا لە کاتی تاقیکاری و ئەزمووندایە هەندێك ڕەخنە هەیە وەك ئەوەی ئەو پەروانانە کە بەلای ڕاست و چەپی لێخوڕەکەدایە کێشە دروست دەکەن، لێخوڕەکە یان دەبێ هەتا شوێنی مەبەست باسك و قوڵی نەجوڵێنێ، یان دەبێ ڕێگا چارەیەکی دیکە هەبێ. هیچ زانیارییەکیش سەبارەت بە وزەی بەگەڕخەری ئامێرەکە نییە.



## ماڵپەڕێک بۆ لابردنی باکگراوەند

بۆ دەستکاریکردنی وێنەیەك بەتایبەتی ئەگەر نیازت هەبێ باکگراوەند واتە وێنەی پشتەوەی لابەری پێویستە کەسێکی شارەزا بە وردەکارییەکی زۆرەوە بە پرۆگرامی فۆتۆشۆپ بیکات، لابردنی باکگراوەند بۆ ئەوانەی ئەرکی دیزاین و گرافیك دەکەن زۆر گرنگە.

لە فۆتۆشۆپدا پلاگینی تایبەت بەو مەبەستە بەرهەمهاتوون، بەڵام ئەگەر بتەوێ بەبێ هیچ پلاگین و پرۆگرامێك باکگراوەندی پشت وێنەیەك بسڕیەوە، ئەوە بە سوود وەرگرتن لە ماڵپەڕی https://www.remove.bg/ تەنیا بەیەك چرکە باکگراوەندەکە لادەبات و هەروەها دەتوانی کوالیتی وێنەکە لە وێنەیەکی زۆر سادەوە بکەی بە وێنەیەکی HD. ئەم ماڵپەڕە خزمەتێکی بەرچاوی ئەوانە دەکات کە ئەرکی نەخشەسازی و دیزاین ئەنجام دەدەن.